# باشترین ١٠ یاریزانی

لە مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیا چاوەڕوان دەکرا چەندین یاریزان کە ناسراون لە مۆندیال ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، وەکو کریستیانۆ رۆناڵدۆ و درۆگبا و کاکا و تۆریس.. تاد، بەڵام ئەم یاریزانانە تاکو ئێستا ئاستی راستەقینەی خۆیان پێشکەش نەکردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجی چاودێرانی تۆپی پێی بۆ خۆی راکێشا، کە چەندین یاریزانی لاو توانیان لەم مۆندیالە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، چەندین یانەی بەناوبانگی ئەوروپی هەوڵ دەدەن بۆندیان لەگەڵ مۆربکەن، ئەمەی خوارەوە باشترین دە یاریزانی لاوە لە مۆندیالی ٢٠١٠.

**١- بریت هۆڵمان/ ئوستورالیا**

ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەڕاست لە باڵی چەپ یاری دەکات، توانی لەم مۆندیالە دوو گۆڵ تۆمار بکات و ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئوستورالیا بوو لەم مۆندیالە و لە یانەی ئەلکماری هۆڵەندی یاری دەکات، ئەم یاریزانە خاوەن لێدانی یەکجار بەهێزە لە دەرەوەی ناو چەی سزا.



**٢- ئەلیکسیس سانشێز/ شیلی**

راستە هەڵبژاردەی شیلی لە قۆناغی ١٦ ماڵئاوایی لە مۆندیال کرد بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل، بەڵام توانی یاریزانێکی لاو بۆ دوارۆژ ئامادە بکات، ئەویش یاریزان سانشێز ئەم یاریزانە بە ئاستە بەرزکەی لە گشت یارییەکان توانی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی رابکشێت و لە هێڵی ناوەڕاست لە باڵی راست و لە یانەی ئۆدنیزی لە خولی ئیتاڵیا یاری دەکات، ئەم یاریزانە دوای مۆندیال رەنگە ئەم یانەیە جێبهێڵێت، چونکە چەندین یانە گەورەکانی ئەوروپا بۆندیان پێشکەش کردووە.

**٣- جۆناسان منسا/ گانا**

یاریزانی لاو جۆناسان منسا لە یانەی ئۆدنیزی ئیتاڵی لە هیچ یارییەك بەشداری نەکرد بەشێوەی خواستن چووە ریزی یەکێك لە یانە پلە دووەکانی ئیسپانیا، بەڵام راهێنەری هەڵبژاردەی گانا راجیفیتچ بانگهێشتی هەڵبژاردەی گانای کرد بۆ یەکەمجار بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی گەورە وەکو جامی جیهانی بکات، کەچی جۆناسان تەمەن ١٩ ساڵ، کە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، لە گشت یارییەکان وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاری کرد، ئێستا چەندین یانەی زلهێزی ئەوروپا بۆندیان پێشکەش بەم یاریزانە کردووە.

**٤- مەسعود ئۆزێل/ ئەڵمانیا**

کوڕە یاریزانی کوردی تورکیا مەسعود ئۆزێل، کە رەگەزنامەی ئەڵمانیای وەرگرتووە و لە ریزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری دەکات، ئەم یاریزانە توانی لە مۆندیالی ٢٠١٠ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، کە بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی یانە گەورەکانی ئەوروپا و لە یانەی ڤێردەر برێمن یاری دەکات، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا زۆر زەحمەتە لەم یانەیە بەردەوام بێت، مەسعود ئۆزێل ئاماژەی بەو دا کە حەز دەکات لە یانەی بەرشلۆنە لە پاڵ لیونێل میسی یاری بکات.

**٥- ئەندری ئایۆ /گانا**

ئەندری ئایۆ لەم مۆندیالی ٢٠١٠ توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئەم یاریزانە بە توانایە لە یانەی ئەرلیس ئەفینۆنی فەرەنسی یاری دەکات، ئەم یانە بچووکە توانی ئەستێرەیەکی گەورە وەکو ئەندری ئایۆ پێشکەش بە جیهان بکات، لە هێڵی ناوەڕاست هەموو شتێکی بۆ هەڵبژاردەکەی دەکرد هەرچەندە تەمەنی بچووکە، بەڵام دوای مۆندیال رەنگە بچێتە یەکێك لە یانە گەورەکانی ئەوروپا.

**٦- کارلۆس سالسیدۆ/ مەکسیك**

کارلۆس سالسیدۆ لە یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی یاری دەکات توانی لەم مۆندیالە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، هەرچەندە یاریزانی هێڵی بەرگریە، بەڵام بەشداری لە هێرشەکان دەکردو لە باڵەکان و خاوەن خێرایەکی بەهێزی هەبوو لە هەمان کاتدا



# لاو لە مۆندیال ٢٠١٠

دەیتوانی بە راست و چەپ لێدانی بەهێز ئاراستەی گۆڵ بکات، بە تایبەتی ئەم لێدانە بەهێزەی، کە لە یاری دژی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە ستوون دا، بۆیە ئەم یاریزانە توانی لە مۆندیال ٢٠١٠ خۆی بدۆزێتەوە.

**٧- تۆماس مۆلەر/ ئەڵمانیا**

تۆماس مۆلەر ئەم یاریزانە لاوە لە ماوەیەکی کورتدا توانی جێگەی خۆی لە یانەی بایرن میونیخ بکاتەوە دواتر بەهۆی ئاست بەرزی بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کرا، لەم مۆندیالە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد توانی لەگەڵ پۆدۆلسکی و کلۆزە سێ کوچکەیەکی بەهێز دروست بکەن ببنە سەرهێشە بۆ گشت هەڵبژاردەکان، لە یاری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە توانی دوو گۆڵی جوان تۆمار بکات و چەندین گۆڵی بۆ هاورێکانی دروستکردووە، هەرچەندە ئەم یاریزانە تەمەنی ٢٠ ساڵە.

**٨- کیسۆکی هۆندا/ ژاپۆن**

هەرچەندە پێش دەست پێکردنی مۆندیالی ٢٠١٠ رۆژنامەکان و جەماوەری ژاپۆن رەخنەیەکی توندیان ئاراستەی ئەم یاریزانە کرد و بە لەخۆبایی بوون تۆمەتباریان دەکرد، چونکە لە تەمەنێکی بچووک بۆندی لەگەڵ یانەکانی رووسیا مۆرکرد، کە ئێستا لە یانەی سیسکا مۆسکۆی رووسی یاری دەکات، بەڵام هۆندا لەم مۆندیالە وەڵامی گشت رەخنەگرانی داوە و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ٣ گۆڵ بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات، هەرچەندە ئەم یاریزانە تەمەنی ٢٣ ساڵە، بەڵام دوای دەرچوونی هەڵبژاردەکەی لە قۆناغی ١٦ رەنگە بچێتە یەکێک لە یانە گەورەکانی ئەورووپا.

**٩- جۆرجیۆس سامارانس/ یۆنان**

هەرچەندە ئەم یاریزانە لەگەڵ هەڵبژاردەی یۆنان لە مۆندیالی ٢٠١٠ نەیتوانی هیچ گۆڵێك تۆمار بکات، بەڵام جۆرجیۆس سامارانس توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە هێڵی هێرشبەر هەرچەندە بە تەنیا یاری دەکرد، بەڵام زۆربەی یاریزانانی هێڵی بەرگری بە زەحمەت ئەم یاریزانەیان پێ رادەگیرا، سامارانس تەمەن ٢٥ ساڵ لە یانەی سیلتیك ئوسکتلەندی یاری دەکات و گۆڵکاری ئەم یانەیە، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت دوای مۆندیال بچێتە یەکێك لە یانە گەورەکانی ئەورووپا.

**١٠- لویس سوارێز/ ئۆرگوای**

لویس سوارێز یەکێك لە یاریزانە هەرە بە تواناکانی مۆندیالی ٢٠١٠ توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆرگوای ٣ گۆڵ تۆمار بکات و چەندین جار سەرهێشەی بۆ هێڵی بەرگری هەڵبژاردەکان دروست کردووە توانی لەگەڵ دیگۆ فۆرلان دوانێکی زێرین دروست بکەن و بە باشترین دوانەی مۆندیال دەست نیشان کراون، ئەم یاریزانە لە یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی یاری دەکات، رەنگە دوای مۆندیالی ٢٠١٠ یانەی ئەیاکس ئەمستردام ناچار دەبێت دەستبەرداری ئەستێرەیەکی تر بێت.

ئەوەی جێگەی باسە چەندین یاریزانیتر لاو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردووە، بە باشمانزانی تەنیا ئاماژە بەناوەکانیان بکەین.

وینستۆن رید (نیوزلەندە)، جان مۆتشا – میرۆسلاف ستۆخ (سلۆفاکیا)، ماورتسیو ایشلا (شیلی)، ئیندسۆن کافانی (ئۆرگوای)، ئۆتامیندی (ئەرژەنتین)، ئیلیا (هۆڵەندە)، بینالییۆ (سویسرا)، جیان ئاساموا (گانا)، ئەنیاما (نایجیریا)، کلینت دیمبسی (ئەمەریکا)، تۆلیۆ تاناکا (ژاپۆن)، کوینتراو (پورتوگال).













# مۆندیالی فۆفۆزێلا

لە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا زۆربەی چاودێران ئەم مۆندیالەیان بە مۆندیالی فۆفۆزیلا ناوزەند بردەوە، چونکە لە گشت یارییەکان فۆفۆزیلا دەنگی لە نێو یاریگە هەبووە و لە سەرەتای مۆندیال کێشـــەی بۆ زۆربەی هەڵبژاردەکان دروســـت کردووە، ئەمەش چەند وێنەیەکی هاندەرانە لەگەڵ فۆفۆزێلا.








گوڵان
ژمارە (٧٨٨)
٢٠١٠/٧/٥



# ١١ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا رەگەزی ئەڵمانیان وەرگرتووە

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالی ٢٠١٠ بانگهێشتی ٢٣ یاریزانی کردووە بۆ ئەوەی بەشداری لە مۆندیال بکەن، لەم ٢٣ یاریزانە ١١ یاریزان رەگەزی ئەڵمانیان وەرگرتووە واتە خەڵکی ئەڵمانیا نین، ئەویش بەم شێوەی خوارەوەیە.

١- سەردار تاشی: لە دایك و باوکی تورکی لە دایکبووە، بەڵام چوونە ئەڵمانیا رەگەزی ئەڵمانیای وەرگرتووە.

٢- ماریۆ گۆمێز: باوکی ئیسپانیە و دایکی ئەڵمانیە.

٣- جێرۆم بواتینگ: باوکی گانا و دایکی ئەڵمانیە، برایەکی لە هەڵبژاردەی گانا یاری دەکات.

٤- سامی خزێرە: لە دایك و باوکێکی تونسی لە دایکبووە، دواتر لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە و رەگەزی ئەڵمانیای وەرگرتووە.

٥- دنیس ئۆواگۆ: باوکی نێجێری و دایکی ئەڵمانیە.

٦- میروسلاف کلۆزە: لە دایك و باوکی پۆڵەندی لە دایکبووە.

٧- لۆکاس بۆدولۆسکی: لە دایك و باوکی پۆڵەندی لە دایکبووە و تا ئێستا ئەم دایك و باوکە رەگەزی ئەڵمانیایان وەرنەگرتووە.

٨- پیتر ترۆشۆفسکی: لە دایك و باوکی پۆڵەندی لە دایکبووە.

٩- مارکۆ مارین: لە دایك و باوکی بۆسنی لە دایکبووە.

١٠- مسعود ئۆزێل: لە دایك و باوکی تورکی لە دایکبووە.

١١- کاکاو: لە دایك و باوکی بەرازیلی لە دایکبووە.

# کچە جوانەکەی مۆندیال لە پاراگوایە

لە یاری هەڵبژاردەی پاراگوای لەگەڵ هەڵبژاردەی سلۆفاکیا، کە پاراگوای توانی یارییەکە بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر بباتەوە، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە وێنەی هاندەرانی هەڵبژاردەی پاراگوای بڵاوبۆوە، کە خۆشحاڵی خۆیان بەم ئەنجام دەربڕیبوو، بەڵام کچێك سەرنجی هەموو رۆژنامەنووسان و چاودێرانی تۆپی پێی بۆ خۆی راکیشا، ئەویش لاریسا ریکلیمی ئەم کچە هاندەرە زۆر بە پەرۆشەوە هانی هەڵبژاردەکەی دەدا، ئێستا بە شێوەیەکی رۆژانە زۆربەی رۆژنامەکانی جیهان وێنەی ئەم کچە جوانە بڵاودەکەونەوە، نازناوی بووەتە کچە جوانەکەی مۆندیال.

لاریسا ریکلمی پەیمانی داوە لە هەموو یارییەکانی هەڵبژاردەی پاراگوای هانی هەڵبژاردەکەی بدات، ئەمەش چەند وێنەیەکی ئەم کچە قەشەنگەیە



# کارەساتێکی دیکە بۆ ئینگلیزەکان


THE Sun
Wednesday, 30 June 2010
Get Your Fav... Free widget!
HOME | MY SUN | SUN LITE | SITE MAP | NEWS ALERTS | SUN TALK
NEWS
SunVote, Forces, Captain Crunch, Sun Money, Sun Says, Sun City, Sun Justice, Royals, The Green House, Scottish News, Gardening, Weird
VIDEO
SPORT
Football, World Cup 2010, F1 & Motorsport, Columnists
SHOWBIZ
Bizarre, Bizarre USA, Film, Music
BIG BROTHER
TV
Soaps, Brit's Got Talent, Big Brother, X Factor
LIVE it
WOMAN
Got a story? We pay £££ Call: 0207 782 4100 - Email: talkback@the-sun.co.uk
EXCLUSIVE
## Are you Havana laugh?

Picture exclusive ... England players in bar hours after Germany defeat

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە قۆناغی ١٦ ماڵئاوایی لە مۆندیال کرد، دوای ئەوەی لەم قۆناغە تووشی دۆڕانێکی گەورە هات بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ئەنجامی ٤-١ گۆڵ و لەم مۆندیالە بە ئاستێکی نزم ماڵئاواییان کرد، کە هەرچەندە یەکێك بوون لە پاڵێوراوە هەرە بەهێزەکان بۆ ئەوەی نازناوی مۆندیال بە دەست بهێنێت، بەڵام ڕۆژنامەی (زی صن) ئینگلیزی کارەساتێکی تری بۆ هاندەرانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ئاشکرا کرد ئەویش وێنەیەکی بڵاوکردەوە، کە تیاییدا یاریزانانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دوای کۆتایی هاتنی یارییەکەیان دژی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا جگەرە دەکێشن و مەی دەخۆنەوە.

لە وێنەکەدا هەریەکە لە ئارۆن لینۆن و شۆن رایت فلیپس و جێرمین دیفوی و گلین جۆنسۆن و ماکیل دراسۆن دیارە، کە جگەرە دەکێشن و مەی دەخۆنەوە، لەم وێنەیەدا وا هەست دەکرێت، کە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە یارییەکەی بردۆتەوە نەوەك ئەڵمانیا.

ئەوەی زیاتر هاندەرانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرەی نیگەران کرد، کە ڕاهێنەر فابیۆ کاپێلۆ لەگەڵ خێزانەکەی لۆرا بەرەو سویسرا بەرێکەوتن بۆ گەشتوگوزار، بە هەمان شێوە لامپارد و ستیفن جیرارد و دیڤید بێکهام لەگەڵ خێزانەکانیان بەرەو وڵاتانی ئەورووپا بەرێکەوتن بۆ گەشتوگوزار.

# چینییەکان لە کاکا نیگەرانن

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی بەرازیل لە یەکەم یاری خۆیدا ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی کۆریای باکوور بۆوە، لەم یارییە هەڵبژاردەی بەرازیل زۆر بە زەحمەت توانی یارییەکە بە ئەنجامی ٢-١ گۆڵ بباتەوە، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕۆژنامەکانی چین هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ریال مەدرید کاکا، چونکە بەپێی ڕۆژنامەکان کاکا دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە ڕازی نەبوو درێسی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی کۆریای باکوور یۆنگ تای سی بگۆڕێتەوە، ئەم یاریزانە پێش دەستپێکردنی یارییەکەو دوای گوێبیستبوونی سروودی نیشتمانی وڵاتەکەی چاوی پڕ بوو لە فرمێسک.

یەکێك لە ڕۆژنامەکانی چین وتی: ڕۆژێك لە ڕۆژان کاکا داوای گۆڕینەوەی درێسی لەگەڵ یۆنگ تای سی دەکات و ئاستی کاکا زۆر خراپە و یۆنگ لەم یاریزانە باشتر بوو.

جێگەی باسە ئەم ڕووداوە کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر کاکا هەبوو، هەندێك باس لەوە دەکەن کە کاکا نەیزانیوە داواکاری ئەم یاریزانە چییە، بەڵام یۆنگ تای سی ئاماژەی بەوە دا کە دەتوانێت بە پورتوگالی قسە بکات.

هەڵبژاردەی کۆریای باکوور لە وڵاتی چین جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەیە، تا ڕادەیەك پێش دەستپێکردنی مۆندیال لە ئامارێکدا سەبارەت بەوەی کێ دەبێتە پاڵەوانی جامی جیهانی ٢٠١٠، هەڵبژاردەی کۆریای باکوور پلەی یەکەمی لەم ئامارە بە دەستهێنا.





# گۆڵچی پاراگوای ئاهەنگی لە دایکبوونی دەگێڕێت

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی پاراگوای توانی بۆ یەکەمجار بگاتە قۆناغی هەشتەمی مۆندیال دوای ئەوەی بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا توانی لە هەڵبژاردەی ژاپۆن بباتەوە، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە گۆڵچی هەڵبژاردەی پاراگوای گۆستافۆ فیلار تەمەن ٣٣ ساڵ ئاهەنگی لە دایکبوونی خۆی گێڕا، لە بەرامبەر زۆربەی ڕۆژنامەنووسان و زوومەکانی کامیرا ئەمەش بووە جێگەی خۆشحاڵی گۆستافۆ، کە وەکو شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئەم گۆڵچیە بە توانایە، کە ئەمە سێیەمین مۆندیالە بەشداری دەکات و لە یانەی بەلەد وەلیدی ئیسپانی یاری دەکات و درێژی ١٨٠سم.

## سەرۆكی نایجیریا دوو ساڵ هەڵبژاردەكەی رادەگرێت



دوای ئـــەوەی هەڵبژاردەی نایجیریا لە قۆناغـــی یەكەم ماڵئاوایی لە مۆندیال كرد، كە لە ســـێ یاری تووشـــی دۆڕان هات، ئەمەش بووە نیگەرانی یەكێتی تۆپی پێی نایجیریا و رۆژنامەكان و جەماوەر، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ســـەرۆكی نایجیریا جودلاك جۆناسان بڕیاریدا بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژاردەی نایجیریـــا لە یاریكردن رابگرێت وەكو ســـزایەك بۆ ئـــەم ئەنجامە خراپە، كە لە مۆندیالی ٢٠١٠ بە دەســـتیان هێنا، بەرپرســـی مەكتەبی سەرۆكی نایجیریا بە رۆژنامەنووســـانی راگەیانـــد، كە جودلاك بڕیاری داوە هەڵبـــژاردەی نایجیریا گۆڕانكارییەكی تەواوی تیادا بكرێت، بۆیە نابێت تا دوو ســـاڵ بەشداری هیچ پاڵەوانیەتیەك بكات.

دوای ئـــەوەی هەڵبژاردەی نایجیریـــا ماڵئاوایی لە مۆندیال كرد یەكێتی تۆپی پێی نایجیریا داوای لێبوردنی لە حكومەتی نایجیریا كرد بۆ ئەم ئاســـتە خراپە و ئامـــاژەی بەوە دا كە پارێزگاری لـــە لاگرباك دەكەن وەكو راهێنەر بۆ ئەوەی پێكهاتەی هەڵبژاردەی نایجیریا نوێبكاتەوە.



## باپیری هۆندا نیگەرانە بە دەرچوونی هەڵبژاردەكەی

دوای ئـــەوەی هەڵبژاردەی ژاپۆن لە یارییەكانـــی قۆناغی ١٦ بە لێدانی یەكلاكەرەوی ســـزا بەرامبەر هەڵبـــژاردەی پاراگوای دۆڕا و ماڵئاوایی لە مۆندیالی ٢٠١٠ كرد.

میتســـۆرۆ تەمەن ٧٨ ساڵ، كە دەكاتە باپیری یاریزانی هەڵبژاردەی ژاپۆن هۆندا ســـەیری گشـــت یارییەكانی هەڵبژاردەكەی دەكـــرد، لە یارییەكی هەڵبـــژاردەی ژاپۆن بەرامبەر هەڵبژاردەی پاراگوای ســـەیری یارییەكەی دەكرد تا درەنگانی شەو دوای ئەوەی هەڵبژاردەكەی بە لێدانی یەكلاكەرەوی سزا دۆڕا، میتســـۆرۆ وتی: هەڵبژاردەكەمان دەیتوانی ئەنجامی باشتر بە دەســـت بهێنێت، لە درێژەی قسەكانیدا وتی: كاتێك یارییەكە گەیشتە كاتی زیادكراو ترســـام لە ئەنجامی یارییەكە بـــە تایبەتی كاتێك هۆندا هەلێكی ئاســـانی بۆ گۆڵ تۆمار كردن لە دەستدا، هەرچەندە یارییەكەمان دۆڕاند، بەڵام یاریزانەكان ئاســـتێكی بەرزیان پێشكەش كرد و زۆر لێیان رازیم و زۆر شانازی بە هۆندا دەكەم، كە لەم مۆندیالە ئاستێكی بەرزی پێشكەش كرد. میتســـۆرۆ لە یەكێك لە كافتریاكانی شاری سیتسۆ لە پارێزگای ئۆساكا سەیری یارییەكەی هەڵبژاردەی ژاپۆن و پاراگوای دەكرد.

## رۆناڵدۆ هەڕەشەی دوورخستنەوەی لە هەڵبژاردەی پورتوگال لێدەكرێت



دوای ئـــەوەی هەڵبژاردەی پورتـــوگال لە قۆناغی ١٦ ماڵئاوایی لە مۆندیالی ٢٠١٠ كرد لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیســـپانیا تووشـــی دۆڕان هات بـــە گۆڵێكی بێ بەرامبـــەر، دوای كۆتایی هاتنی یارییەكە رۆناڵدۆ هێرشێكی توندی كردە سەر كیرۆشی راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال و هۆكاری دەرچوونی هەڵبژاردەكەی لە مۆندیال بۆ كیرۆش گەڕاندەوە.

لە لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامەكان كیرۆش هەڕەشـــەی دوورخســـتنەوەی رۆناڵـــدۆی لە هەڵبژاردەی پورتوگال كرد و وتی: ئەم هەڵسوكەوتانەی رۆناڵدۆ دەبێتە هۆكاری دوورخستنەوەی لە هەڵبژاردەی پورتـــوگال بە تایبەتی لە یارییەكانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەكانی ئەورووپای ٢٠١٢ من نامەوێ گوێبیستی تێبینییەكانی رۆناڵدۆ بم، لە هەڵبژاردەی پورتوگال هاوڕێیەتی یاریزان ناكەین، بەڵكو خزمەتی وڵات دەكەین، دەبێت یاریزانەكان بە هەمان شێوە بیربكەنەوە.

لە كۆتاییدا وتی: رۆناڵدۆ پێویســـتی بە پورتوگال هەیە و پورتوگال پێویســـتی بە رۆناڵدۆ هەیە، ئەگەر درێسی هەڵبژاردەی پورتوگال دەبێتە جێگەی مەترسی یاریزانان، وا باشترە ئەم یاریزانانە ئەم درێسە لەبەر نەكەن.




بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز

بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :

Mobile: 07504514021

Email: sport@gulan-media.com